# سالار ڕەشید:
# ئیسلامی سیاسی دەیەوێت سیاسەت بۆ ئایین بگەڕێنێتەوە



ئیسلامی سیاسی هەروەکو بەنێوەکەیەوە دیارە واتە، ئیسلامێکی تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت، واتە، پێچەوانەی ئیسلامێك کە ئیسلام وەك ئایین بە پەیوەندی نێوان خۆیی‌و خوداکەی خۆی دەزانێت. ئیسلامێکیش سیاسەتی کرد، واتە ئیسلامی کونجی ماڵ‌و خەلوەتگاکان نییە، بەڵکو ئیسلامی ڕێکخراو لە حزب‌و بزووتنەوەکانەوە چاوی بڕیوەتە دەسەڵات‌وگەرەکێتی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بەڵام لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەکیش بەوە بکەین کە، ئیسلام لە بنەڕەتداو هەر لە دەستپێکی خۆیدا سیاسی بووە، بزووتنەوەیەك بووە، ململانێی لەسەر دەسەڵات کردووە.هەنووکە کە ئیسلام لە کۆمەڵگاکاندا وەك سەردەمی سەرهەڵدانی نەماوەتەوە، ئیسلامی ئێستا لەگەڵ ئیسلامی پێغەمبەر جودایە، جوداییەکە پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە، نەك بۆ بیباوەڕی، ئیسلامی زادەی کولتوورو عەقلیەتی دواکەوتووی خێڵەکی کۆمەڵی مەککە، لەگەڵ کۆمەڵگای شارستانی‌و دنیای پێشکەوتووی سەرسوڕهێنەر گەلێك بەیەکدی نامۆن! بۆیە ئیسلامی ئەم سەردەمە، ئیسلامێکی کولتوورییە، واتە لە سنووری خوونەریتدا ماوەتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵگایانە کە واباوە پێیان بگوترێت، کۆمەڵگای ئیسلامی، لە ڕاستیدا نە کۆمەڵگای ئیسلامین‌و نە دەشتوانن ببنە کۆمەڵگای ئیسلامی. ئەگەر پێغەمبە زیندوو ببێتەوە( ئومەتی)خۆی ناناسێتەوە! جارێکی دی جەختی لەسەر دەکەمەوە، مەسەلەکە هەڵناگەڕێتەوە بۆ باوەڕکزی‌و باوەڕ پتەوی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی زەمانەو ئیدی پێگەیەك بۆ ئیسلام نەماوەتەوە. کەواتە، ئەگەرچی ئیسلام لە بنەڕەتدا تەنهاو بەس ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی‌و ئیسلامی غەیرە سیاسیمان هەیە. ئێستاو پاش ئەم قسانە، دەتوانم ڕۆشنتر وڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە. ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بۆ ئەو بنەڕەتە بگەڕێتەوە، لەیەك وشەدا.. ئایین بیروباوەڕو دنیابینیەکی کۆنە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دەکرێ بڵێین ئایین وەك دیاردەیەك لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا سەری هەڵداوەو کاریگەری‌و پاشماوەکەشی بەپلەی جیاواز، بەسەر هەموو کۆمەڵگایەکیشەوە ماوە، واتە، پاشماوەی ئایین لەچاو سەدەکانی ڕابردوو، بەرووی کۆمەڵگاکانەوە هەرماوە، دەی چاکە بۆچی ئایین لە ململانێی سیاسیدا بەکار دەبرێت؟ بەکاربردنی ئایین دووجۆرە: یەکەمیان، دەکریتە ئایدۆلۆژی‌و بەرگی حزبە سیاسیەکان‌و ئەحزابگەلی ئیسلامی لێ پێکدەهێندرێت. بۆچی؟ چونکە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکەی وەك، ناسیۆنالستی غەیرە دینی، شکستی خوارد بۆ کێشەکانی کۆمەڵ بێ وەڵام مایەوە. کۆمۆنیزمیش کە وەڵامی کارسازی پێیە، نەیتوانی قامەتی خۆی ڕاستکاتەوە. دوەمیان، بەکاربردنی ئایین لەلایەن حزبە غەیرە دینیەکانەوە تەنانەت بەوانەشەوە کە خۆیان بە بێدین وەیان عەلمانیش دەزانن. ئەمانەی دووەم ئیسلامی سیاسی بەهێز یان بێهێزبێت، کەڵك لەئایین وەردەگرن بۆ هێرشکردن‌و پارچەپارچکردنی خەڵك، ئەمەش لە ململانێی سیاسی‌و پاراستنی دەسەڵاتیان لەهەمبەر کرێکاران‌و خەڵکی زەحمەتکێش بۆیان بەکەڵکە، ئەگەریش ئیسلامی سیاسی بەهێز بوو، ئەوا دەرەنجامی هێزوهاوسەنگی زیاتر بایەخ بەئایین دەدەن، بەڵام دەیانەوێت لەبەرامبەر ئەو ئیسلامە سیاسیە، ئایین بەجۆرێکی دیکە پێناسە بکەن. واتە ئایین دەلاوێنن‌و بایەخی پێ دەدەن‌و بەرزی ڕادەگرن، بەڵام لەو جێگایەی کە بۆ ئەوان مەترسییەك پێکدەهێنێت دەوەستنەوە، ئەو مەترسیەش تێکەڵبوونەوەی سیاسەتە لەگەڵ ئایین. ئالێرەدا ئیدی ئەم حزبانە تەنانەت ئامادەن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی(میانرەویش)دەست تێکەڵ بکەن بۆ بنکۆڵکردنی بنکاری ئیسلامی سیاسی(توندرەو)بەکاربردنی ئایین بۆسیاسەت‌و بۆ دەسەڵات ڕاستیەکەی ئەم پرسیارە بۆخۆی لە ڕوانگەو تێڕوانینی جۆری دووەمەوەیەو بۆقازانجی ئەویشە. واتە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وا پێناسە بکات کە گوایەئیسلام ئاینێکەو ناوەڕۆکەکەی خوداپەرستی‌و عیبادەتە نەك سیاسەت، بەڵام بەبڕوای من هیچ ناکۆکیەك لەنێوان ئەم دوانەدا نییە، هەروەکو پێشتریش باسمکرد، ئیسلام بۆخۆی هەر لەدەستپێکی خۆیدا، تێکەڵی سیاسەت بووە، ئیدی ناکۆك بێت ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیەو لەبەرژەوندیدا نییە پەردەپۆش یان ڕوتوش بکرێت. دیارە ئەوە زۆر چاکە کە هێزی ڕادیکاڵ‌و عەلمانی‌و پێشکەوتخواز ببنە لەمپەر لە بەرامبەر گێڕانەوەی سیاسەت بۆ ئیسلام، دەبێ نەك هەر بەوە بوەستینن بەڵکو دەبێ! بە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت‌و یاسا، لە پەروەردەو فێرکردن ئەوەندەی دیکە ئەم ئامانجەی گروپە ئیسلامیەکان دووربخەینەوە.

جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت‌و پەروەردەو فێرکردن زەبرێکی کوشندەیە لە ئایین بەگشتی‌و لە ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی. ئەمە ڕاستیەکە بەراشکاوی دەیڵێم. بەڵام زۆرێك هەن پێیان وایە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دژ بە ئایین نییەو بەڵکوو ڕێزدانانە بۆ ئایین، ئەمانە مەرایی دەکەن بە حسابی خۆیان بە سیاسەت وا دەڵێن، خۆ کاتێك باسی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەکەیت، ئیسلامیەکان قەڵس دەبن‌و چونکە دەزانن بەم کارە ئەوان چەند هەنگاو لە ئامانجەکەیان، گێڕانەوەی سیاسەوت بۆ ئایین دووردەخرێنەوە. ئایا دەشێت ئایین ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت بۆ ململانێ لەگەڵ گروپە سیاسیەکاندا بەبڕوای من نەخێر. ئەمە شتێکی نادرووستە، ئەمە دیزەبەدەرخۆنەیە.. ناڕاستگۆییە بەرامبەر بەخەڵك. ئەمە کاری بزووتنەوەو حزبگەلێکن کە نایانەوێ دەستبەرداری ئایین بن، چونکە دەزانن بۆ دەسەڵاتەکەیان خێرێکی تێدایە. پاشان بۆچی ئایین لە قاڵبێکدا لەدژی ئایین لەقاڵبێکی دیکەدا بەکاربهێندرێ؟! بۆچی ئایین هەر دەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بهێڵدرێتەوە؟! ئایین لە دنیای ئەمرۆ چ کارەیە؟! دەنا دەسکەوتە زانستی‌و مرۆڤایەتیەکان کەمن تا ئەگەر بتەوێ شەڕی ئیسلامی سیاسی یان ئایینی پێ بکەیت؟ ئەی سەروەت‌و سامان کەمە. تا وەڵامی پێداویستیە مادیەکانی خەڵکی پێ بدەیتەوەو خەڵك لە ژینگەی پیسی نەبوونی‌و کوێرەوەری‌و میکرۆبی جەهل‌و خورافەی لێ نەدا؟ ڕاستیەکەی حزب‌و دەسەڵاتێك پەنا بۆ ئەو ڕێگەچارەیە دەبەن، کە یەکەم نایانەوێت دەستبەرداری ئایین بن، دووەم نایانەوێت‌و ناشتوانن وەڵامی پێداویستی‌و خواستەکانی خەڵك بدەنەوە.